## هاوڵاتیان، خوێندکاران، قوتابیان ، گەنجان ، ڕۆشنبیران و مرۆڤدۆستان...

**ئەی ئەو گەنج و لاو و کچ و کوڕانەی کە میللەتێك چاوی لە دەست و پە نجەی ئێوەیە ...**
**ئەی ئەو مرۆڤانەی کە هەموو گۆڕانێك لەسەر دەستی ئێوە ڕوودەدات ...**
**ئازیزان ... پاش ئەوەی مانگرتنە هێمن و مۆدێرنەکەمان پێی نایە ڕۆژی ( 55 ) ەمینەوە، هیچ وەڵامێکی وامان نەدراوەتەوە کە شایانی باس بێت، سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە بێ هیچ دەقێکی یاسایی و زانستی و بەبێ بەستنی هیچ لیژنەیەکی زاستی بۆ دیراسەکردنێکی ورد و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە لە کێشەکەمان، بڕیار لەسەر ناڕەوایی داواکەمان دەدەن، لە کاتێکدا ئێمە ئەتوانین بە بەڵگەوە بیسەلمێنین و سەلماندوومانە کە بۆ داواکەمان ڕەوایە.**
**دایکان و باوکانی دوارۆژی ئەم میللەتە ...**
**قوتابیان و خوێندکاران زانکۆی سلێمانی ...**
**زانکۆی سلێمانی هەمیشە مەشخەڵی شۆڕش و را پەڕینەکان بووە، ئێستاش گەورەترین ئەرکمان لە پێشە بۆ ڕزگارکردنی سیستەمی پەروەردە لەو قەیرانەی کە تێی کەوتووە لەم وولاتەدا. ئەگەر شۆڕشەکانی تر قوربانی ویستبێ، بەدڵنیاییەوە ئەم گۆڕانەی سیستەمی پەروەردە قوربانی زیاتری ئەوێ، ئەویش بە تەرخان کردنی کاتەکا نمان بۆ خود هوشیارکردنەوە و خوێندنەوەی پتر و پێشکەش کردنی پڕۆژە بۆ حکومەت و دەسەلات، تا هەمووان بەشدار بین لە ژیانەوەی پەروەردە و لەناوبردنی سیستەمە کۆن و کلاسیکیەکانی پەروەردە، چونکە ئێمەش هیچمان لە وولاتانی تر کەمتر نی یە، دڵنیاش بن ئەم گۆڕانکارییە گەورانە لەسەر دەستی گەنج و خوێندکار وقوتابی و کەسانی وەك ئێوە کە خە مخۆری پەروەردەن، ڕوودەدەن. چونکە ئەوەش بزانن کە پەروەردە مرۆڤ دروست ئەکات..!!**
**کچان و کوڕانی خە مخۆر ...**
**گە نجان و لاوانی ووشیار ...**
**حکومەت و دەسەلات هەمیشە ئەوەمان بە گوێدا دەدەنەوە کە گەنج بێ پڕۆژەیە!، بەلام ئەوەتا ( 950 ) گەنج و لاو و خوێندکارو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کە هاوڕێ و هاوسۆزی ئێوەن گەورەترین پڕۆژە سەبارەت بە ڕزگارکردنی پەروەرەدە و لەباربردنی سیستەمە دواکەتووەکان پێشکەش بە حکومەت دەکەن بەلام ئەوەش کاردانەوەی دەسەلاتە، کە هیچیان بۆ نەکردووین. ئێمە ئەوەشمان بە دەسەلات ووت کە تەنها گەنج خاوەنی پڕۆژەیە !!**
**ئەم ڕێپێوانە هێمنانە و نماشیە نوێیە ڕەوایی داواکەمان ئەسەلمێنێت، داواکارین لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و ویژدان و خە مخۆری پەروەردە لە وولاتەکەماندا دەنگی خۆیی بخاتە پاڵ دەنگی ڕەوای ( 950 ) خوێندکار و نەوەی ئەم گەلە...**

### خوێندکاران و قوتابیانی کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی
2007 / 2 / 19

بەڕێزان / پارێزگای سلێمانی

بەڕێزان / ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئاشکرایە خوێندکاران و قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارەمان نزیکەی ( 1000 ) هەزار قوتابی و خوێندکارە بۆ ماوەی زیاتر لە ( 50 ) ڕۆژە مانمان گرتووە و داوادەکەین ناوی کۆلێژەکەمان لە( پەروەردەی بنەڕەتی )یەوە بگۆڕێت بۆ ( کۆلێژی پەروەردە ) , کە ئەمەش سەرەتا بە بەرزکردنەوەی یاداشتنامەو داواکاری و هۆکارەکان و ڕوون کردنەویان هاوپێچ لەگەڵ ئیمزای قوتابیان وخوێندکارانی کۆلێژ بۆ سەرۆك بەشەکان و ڕاگرایەتی و سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی لە ڕێکەوتی 19/ 12/ 2006 و بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە ڕێکەوتی 2006/12/21 کە تیایدا هاتووە چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین , بە پێچەوانەوە ناچاردەبین هەڵوێستی تر بگرینە بەر .

بە هۆی وەڵام نەدانەوەو پشت گوێ خستنی داواکەمان ناچاربووین مان بگرین و نە چینە هۆڵەکانی خوێندنەوە , پاشان ( 27 ) خوێندکار لە ڕێکەوتی 11/ 1/ 2007 بە پێ بە ڕێ ڕێکەوتن بەرەو هەولێر بۆ گەیاندنی داوەکەمان بەدامو دەزگا باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان , هەروەها لە 15 /2007/1 قوتابیان و خوێندکاران ڕێپێوانێکی هێمنانەوە و مەدەنیانەیان سازدا بەبێ گرتنی شەقامەکان و دروست کردنی کێشە بۆ هاتووچۆی هاووڵاتیان, لە زانکۆی سلێمانیەوە تاکو بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی ,لە 2007/1/21 وە خوێندکاران بە شەو بەڕۆژ لە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆماوینەتەوە ومانمان گرتووە .

لە 17/1/ 2007 لیژنەیەك پێك هێنرا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەو هەرهەمان ڕۆژ کۆبونەوەیەك ئەنجام درا بەڵام لەبەرئەوەی ئەو لیژنەیە نەیتوانی کێشەکە چارەسەربکات ,لیژنەکە هەڵوەشێنرایەوە و هەمووڵایەنە پەیوەندیدارەکان بەداواکەمانەوە ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە دەبێت هەریەك لە بەڕێزان ( وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە ) لەو سەفەرەیان بگەڕێنەوە ,تالەڕێگەی ئەوانەوە ئەم کێشەیە یەك لایی بکرێتەوەو چارەسەربکرێت ئەوە بو لە 2007/1/30 سێ شەممە بە ئامادەبونی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و لیژنەیکی باڵا کۆبونەوەیەك ئەنجام درا , و بڕیاربوو هەر ئەو ڕۆژە وەڵامی یاداشتەکە بدرێتەوە ,بەڵام بەهەمان شێوەی جارەکانی تر کێشەکە چارەسەر نەکراو بڕیاردرا کە پێنج شەممە 2007/2/1 یان شەممە 2007/2/3 وەڵاممان بدرێتەوە ,بەڵام زۆر بەداخەوە (ممطالة ) و دەستی دەستی یان پێکردین و ووتیان ڕۆژی دووشەممە 2007/2/5 وەڵامتان دەدەینەوە، ئەوە بوو لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەندێك زانیاری ناڕۆشنمان لەوبارەیەوە بیست ,تا لە ڕۆژی سێ شەممە 2007/2/6 لە ڕێی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانییەوە کۆنووسی کۆبوونەوەکەمان پێ گەیشت، کە چارەسەری کێشەکەیان بۆ نەکردووین و داواکەیان بۆ جێ بەجێ نەکردووین .

ئێستاش لەم خاڵانەی خوارەوە کورتەی یاداشت وداواکاریوهۆکاروڕوونکردنەوەتان دەخەینە ڕوو :

**داواکاری**/ گۆڕینی ناوی ( کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ) بۆ ( کۆلیژی پەروەردە ) .

هۆکاروڕوونکردنەوە/

1 ) مەنهەج و پرۆگرامی خوێندنی کۆلیژەکەمان هەمان مەنهەج و پرۆگرامی کۆلیژی پەروەردەیە و وانەکانی تایبەتن بە قۆناغەکانی دواناوەندی لە ڕووی ئاستی زانستی و دەروونناسی و شێوازی وانە ووتنەوە.

2 ) بینین (المشاهدة ) و مەشقوڕاهێنان (تطبیق )ی خوێندکارانی کۆلێژەکەمان لە قۆناغەکانی دواناوەندین، کە ئەم دوو وانەیەش زۆر گرنگە.

3 ) سەرەتای دامەزراندنی هەرکۆلێژێك زانیاری تەواو لەسەر کۆلیژەکە دەدرێت بە خوێندکاران پێش وەرگرتنیان، بەڵام هیچ زانیاریەك نەدراوە بە خوێندکارانی کۆلیژەکەمان نە لە ڕێیەری قۆناغی شەشەمی ئامادەیی , وە نە لە ڕێیەری قۆناغی یەکەمی زانکۆ.

4) پاش وەرگرتنی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی کۆلیژ (واتە یەکەم ساڵ)، نارەزایی خوێندکاران پەرەی سەند لەبەر بوونی گومان لەسەر چارەنووس و ئایندەی خۆیان، ئەوە بوو راگرایەتی کۆلێژ (د. شەونم) وەزیری ئەو کاتەی (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی - بەوەکالەت) ی داوەت کردو لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لەگەڵ خوێندکاراندا، بەڕێزی ووتی ئێوە دەبنە مامۆستا بۆ قۆناغەکانی دواناوەندی بەڵام دوای (3) ساڵ ئەم بەڵێنە نەچووە سەرو پێچەوانە بووەوە.

5) کۆ نمرەی وەرگیراو لە کۆلیژەکەمان بەرز ترە لە کۆلیژەکانی ﴿پەروەردەی کەلار و پەروەردەی چەمچەماڵ و ئادابی خانەقین (سەر بە زانکۆی سلێمانی) و زانستە مرۆڤایەتی یەکانی ڕانیە و زمانی قەڵادزێ (سەر بە زانکۆی کۆیە)﴾.

6) لەسەنتەری پارێزگای سلێمانی دا کۆلیژی پەروەردە نی یە کە پێویستی یەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەو شارەی کە پێی دەڵێن پایتەختی ڕۆشنبیری، لە کاتێکدا لە هەموو شارەکانی کوردستان و عێراق دا کۆلیژی پەروەردە هەیە.

7) وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستای سەرەتایی مۆڵەت پێدراو (مجاز) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، کە ژمارەیان (110) مامۆستایە، هەموویان دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانن (معهد المركزي) لە کاتێکدا ئەوان مامۆستای سەرەتاین چ لۆجیكویاسایەك ڕێ ئەدات لە پاش (4) چوار ساڵی خوێندن ببنەوە بە مامۆستای سەرەتایی.

**تێبینی:-**

1 - داواکارین لە بەڕێزتان وەکو یەکەم دەسەڵاتی ئیداری لە پارێزگای سلێمانیدا، پشتگیری داوای ڕەوامان بکەن و پەیوەندی بکەن بە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بۆ جێ بەجێکردنی داواکەمان چونکە تەواو لە خزمەتی بەرەو پێشبردنی ڕەوتی پەروەردەدایە لە شاری سلێمانی و وولاتەکەماندا.

2 ئەگەر دەرچووانی ئەم کۆلێژە بکرێنە مامۆستا لە قۆناغی سەرەتایی، ئەوە گەورەترین زەبری کوشندە بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکەوێت لە وڵاتەکەماندا، چونکە خوێندکارانی ئەم کۆلێژە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەکراون بۆ مامۆستا بۆ قۆناغی سەرەتایی بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە ئامادە کراون بۆ قۆناغەکانی دواناوەندی.

3 ئێمە هەرگیز داوای داخستنی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتیمان نەکردووە، بەڵکو یەکێك لە پێشنیارەکانی نوێنەرانی ئێمە لە ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە، کردنەوەی ژمارەیەکی زیاتری (کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی- یان - بنیات) لە شارو شارۆچکەو قەزاکانی کوردستان دا بە مەنهەج و پڕۆگرامی کۆلیژەکانی پەروەردەی بنیاتی زانکۆکانی سەلاحەددین و دهۆك، نەك وەکو کۆلیژەکەی ئێمە کەناوی پەروەردەی بنەڕەتی یەو مەنهەج و پڕۆگرامیشی هی پەروەردەیە.

خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی